# پێكهاتنی‌یاسای نێودەوڵەتان و پەیوەندیی بە یاسای ناوخۆی دەوڵەتەوە

د. مارف عمر گوڵ
كۆلێجی یاسا / زانكۆی سلێمانی

## پێشەكی :

یاسای نێودەوڵەتان و یاسای ناوخۆی دەوڵەت پێوەندییەكی دیاریان بە یەكەوە هەیە ، بەو جۆرەی كە هەریەك لەو دوو لایەنە رۆڵیان دیارە لە پێكهاتن و پێشكەوتنی یەكدیدا .

دیارە بۆ دیاری كردنی ئەو پێوەندییە پێویستمان بەوە هەیە بزانین یاسای نێودەوڵەتان چیە و لە كوێوە سەرچاوەی گرتووە ، ئەو پێناسەو سەرچاوەیەش چۆن بوونە بە مایەی سەرهەڵدان و پێشكەوتنی یاسای نێودەوڵەتان .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە پاش زانینی ئەو لایەنانە بزانین رۆڵی یاسای نێودەوڵەتان چیە لە دروستكردنی پابەندێتی نێو نەتەوەیی و قورسایی لە سەر یاسای ناوخۆی دەوڵەت ، وەكتر هەڵوێستی دەوڵەت لە روی تیۆری و پراكتیكەوە لە ئاستی یاسای نێودەوڵەتاندا .

بۆیە بایەخی ئەم لێكۆڵینەوەیە لەوەدایە كە دەمانخاتە بەر دەم دۆخێكی وا تاكولەڕوانگەو لە بەر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا ئەركی دەوڵەت لە رێزگرتنی مافی مرۆڤدا دیاری بكەین .

بۆ لێك جوداكردنەوەی بابەتەكانی لێكۆڵینەوەكەو دیاری كردنی هێڵە هاوبەشەكانی بەچاكمان زانی باسەكە بەم جۆرە دابەش بكەین :

بەشی یەكەم : مانای یاسای نێودەوڵەتان .
بەشی دووەم : سەرچاوەكانی یاسای نێودەوڵەتان .
بەشی سێیەم : سەرهەڵدان و پێكهاتنی یاسای نێودەوڵەتان .

بەشی چوارەم : هەندێ لایەنی پێوەندیی نێوان یاسای نێو دەوڵەتان و یاسای ناوخۆی دەوڵەت .

## بەشی یەکەم

## مانای یاسای نێودەوڵەتان

کەدەڵێین یاسای نێودەوڵەتان ، مەبەستمان یاسای گشتی نێودەوڵەتانە LA DROIT INTERNATIONAL PUBLIC ، بۆ ئەوەی جیای بکەینەوە لەگەڵ یاسای تایبەتی نێودەوڵەتاندا LE DROIT INTERNATIONAL PRIVE.

یاسای نێودەوڵەتان کۆمەڵێك بنەمایە کە سیستمێکی یاسایی دروست دەکات لە نێوان دەوڵەتاندا .هەر دەوڵەتێك لە چوارچێوەی ئەو پێوەندییانەدا مافەکانی خۆی دەپارێزێ و ئەرکیشی دەکەوێتە ئەستۆ(١) . بەلأم یاسای تایبەتی نێوان دەوڵەتان پەیوەندیەکانی ناوخۆی دەوڵەت ڕێکدەخات ، چ لە ئاستی هاولأتیان یا کەسانی بیانی ، هەر بۆیە پێویستە بزانین کە کەسانی یاسای ناوخۆی دەوڵەت ، هاولأتیان، کەسانی ئاسایی و کەسانی رەسمی ( فەرمانبەران و کاربەدەستان ) دەگرێتەوە لەگەڵ دەزگاکانی ناوخۆی دەوڵەتدا . بەلأم کەسانی یاسای نێودەوڵەتان بریتین لە : دەوڵەتان ، ڕێکخراوەکانی نێوان دەوڵەتان ، نوێنەرایەتی گەلانی ئازادیخواز کە خەبات دەکەن بۆ ڕزگاری و کەسانی تری یاسای نێو دەوڵەتان (٢) .

بۆ پێناسەکردنی یاسای نێو دەوڵەتان سێ ڕێبازی جیاواز هەیە :

- ڕێبازی یەکەم : تەنها دەوڵەتان بە کەسانی یاسای نێو دەوڵەتان دادەنێت و پێناسەکەشی وا دەکات : کۆمەڵێك بنەمای یاساییە پێوەندی نێوان تەنها دەوڵەتان ڕێك دەخات .

- ڕێبازی دووەم : تەنها (تاکەکەس) بە کەسانی یاسای نێودەوڵەتان دادەنێت ، پێناسەکەیشی وادەکات کە : بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان پێوەندی نێوان ( تاکە کەسەکان ) ڕێکدەخات .

- ڕێبازی سێیەم : دەوڵەت بە لایەنی سەرەکی کەسانی یاسای نێودەوڵەتان دادەنێت ، بەلأم یاسای نێودەوڵەتان کۆمەڵێك بنەمایە کە پێوەندیی نێوان دەوڵەتان و کەسانی تری

یاسای نێودەوڵەتان ڕێکدەخات وەکو ڕێکخراوەکانی نێوان نێودەوڵەتان ، فاتیکان و کەسانی تری یاسای نێودەوڵەتان(٣) .

کەواتە ، یاسای نێوان دەوڵەتان وا پێناسە دەکرێت کە پێوەندیی نێوان لایەنەکانی ڕێکدەخات. بۆیە ئێمە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەگەرچی دەوڵەتان لایەنی سەرەکین لە یاسای نێودەوڵەتان دا ، بەلام بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتان لە کۆی سەرجەم پێوەندییەکانی نێوان لایەنەکانی یاسای نێو دەوڵەتانەوە پێك دێن .
هەندێ جار بەیاسای نێو دەوڵەتان دەوترێت یاسای نێونەتەوەیی ، ئەگەرچی سیستمی یاسایی ئەو پێوەندییە لە نێوان دەوڵەتاندایە ، بەلام لە بەر ئەوەی هەردەوڵەتێك بە ناوی نەتەوەکانی ناوخۆی خۆیەوە لە کاردایە ، هەتا ئێستاش ئەو ناوە یەکلایی نەکراوەتەوە . دیارە زۆر جار دەوڵەت سیاسەتی خۆی وا پیادە دەکات کە بەشێوەیەکی گونجاو بەرژەوەندی و پێشکەوتنی گەلانی ناوخۆی دەوڵەتە کە ڕێزی لێ ناگیرێت ، بۆیە وتراوە : یاسای نێودەوڵەتان.
هەر دەوڵەتێك لە چوارچێوەی سیستمی یاسایی نێودەوڵەتیدا دەبێتەلایەنێك ( سوبێکت–subject ) لە یاسای نێودەوڵەتاندا .

یاسای نێودەوڵەتان ، ئەگەرچی سیستمی یاسایی نێوان دەوڵەتانی دونیایە ، بەلام ڕێکخەری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌یە ، کە پێکهاتووە لە : دەوڵەتان ، ڕێکخراوی جیهانی ڕەسمی ( حکومی ) و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان (٤) . سەرجەم ئەمانەش پێوەندن بە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی‌یەوە . کەواتە ئەو سستێمی پێوەندییەی کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ڕێکدەخات و ماف و ئەرك دیاری دەکات ، وەکو قانوونی نێونەتەوەیش دەناسرێت .

هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە بنەماو چوارچێوەی قانونەکانی دونیا لە خزمەتی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدان ، ئەگەرچی سیاسەت و بەرژەوەندیی زلهێزو دەوڵەتانی تری دونیا دەوریان هەیە لە دارشتن و ڕێکخستنی سیستمی پێوەندی نێوان دەوڵەتاندا بەگشتی ، بەلام خەبات و هەوڵی ڕێکخراوە مرۆدۆستەکان و گەلانی ژێر دەسەلاتی کۆلۆنیالیزم و گەلانی خەباتگێڕ لە پێناوی ئازادیدا ، گۆڕان و سیستمی تازە بە بەردەوامی لە یاسای نیودەوڵەتاندا دروست دەکەن .

سیستیمی پێوەندیی نێوان دەوڵەتان جیاوازیی هەیە لەگەڵ سیستیمی پێوەندیی ناوخۆی دەوڵەتدا ، یاسای گشتی نێو دەوڵەتان سیستیمی پێوەندی نێوان دەوڵەتان ڕێکدەخات ،

بەلاّم یاسای ناوخۆی دەوڵەت پێوەندیی نێوان ئۆرگانەکانی ناوخۆو دانیشتوانی ولاّت ڕێك دەخات(٥) .

شارل روسو لای وایە لە بارترین ناو بۆ یاسای نێودەوڵەتی ، لەبەر ئەوەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتان ڕێك دەخات ، ئەوەیە بووترێت : (یاسای نێوان دەوڵەتان ) بەلاّم لەبەر ئەوەی خەڵکی لە سەر بەکارهێنانی وا ڕاهاتوون دەکرێ بووترێت یاسای نێودەوڵەتیی droit international(٦).

لە ئەنجامدا دەڵێین : ئەو بنەماو چوارچێوە یاساییانەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتان ڕێك دەخەن ئەگەر لە بەرژەوەندیی گەلانی ناوخۆی دەوڵەتەکاندابن ، یان لە هەندێ جاردا لە بەرژەوەندییاندا نەبن ، لە بەر ئەوەی دەوڵەتان ئەو کارو بارە ئەنجام دەدەن ، چاکترە بڵێین : یاسای نێوان دەوڵەتان، بەلاّم بۆ سوك کردنی لە ڕوی فۆنەتیکەوە رەوانتردێت ئەگەر بڵێین (یاسای نێو دەوڵەتان).

## بەشی دووەم

## سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتان

یەکەم : سەرچاوەی سەرەکی

دووەم : سەرچاوەی لاوەکی ( یارمەتیدەر )

**یەکـــــەم : سەرچاوە سەرەکییەکان :LES SOURCES PRINCIPALES**

١-داب و نەریت .

٢-پەیماننامە .

٣-پرینسیپە گشتییەکانی یاسا .

**١-داب و نەریت:LA COUTUME INTERNATIONAL - INTERNATIONAL CUSTOM**

کۆمەڵێك بنەمای یاسایی نەنووسراوە ( REGLE DE DROIT) ، لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی لە لایەن دەوڵەتانەوە پەیدا بووە . یا ئەگەر دەوڵەتێك کارێکی کردبێ و پاشتر هەر ئەو دەوڵەتە یا دەوڵەتانی تر پیادەی بکەن و لە سەری بڕۆن ، لە ئەنجامدا بە پێویستی بزانن خۆیانی پێوەپابەند بکەن . هەر دەوڵەتێك لە ڕۆژی پەیدابوونیەوە وەکو ئەندامێکی

کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ، ئیتر پابەند دەبێت بە ڕێزگرتنی داب و نەریتی نێو نەتەوەیی لە یاسای نێودەوڵەتاندا(٧)

داب و نەریت بایەخێکی دیاری هەیە وەکو سەرچاوەیەکی یاسای نێو دەوڵەتان ، چونکە :

١. زۆربەی بنەماکانی نێوان دەوڵەتان (قواعد دولیە) لە داب و نەریتەوە پەیدا بوون ، وەکو ئەو بنەما یاساییانەی کە تایبەتن بە دەریا و بە پێوەندی دیبلۆماسیەوە.

٢. ئەگەرچی پەیماننامە بووە بە سەرچاوە بۆ یاسای نێودەوڵەتان بەلاّم داب و نەریت بایەخی خۆی لە دەست نەداوە(٨) .

داب و نەریت سەرجەم بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتانی هێنایە ڕوو ، هەروەها لە زۆر باردا ئەو بنەمایانەی کە لە ڕێکەوتننامەکاندا دەبنە هۆی پێکهێنانی یاسا ، دارشتنەوەی ئەو داب و نەریتانەن ، کە لە نێوان دەوڵەتاندا جێگیر بوونە و کاریان پێدەکرێت (٩) . ئاشکرایە پێوەندیی نێودەوڵەتان کاری هەیە لە سەر سەرچاوەکانی یاسا ، جا لەبەر ئەوەی داب و نەریت نەنووسراوە و نادیارە بە گوێرەی پێشکەوتن و گۆڕانی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەردا دێت ، لە چوارچێوەی پەیماننامەی نێوان دەوڵەتاندا بە هۆی ڕێکخراوی نێودەوڵەتییەوە ئەو بنەما عورفیانە جێگیرکراون(١٠) .

٢-پەیماننامە: LES TRAITES

ڕێکەوتنی قانوونیانە بەشێوەیەکی ڕسمی لە نێوان دوولایەن یان زیاتر لە کەسانی یاسای نێودەوڵەتان ، بە مەبەستی پێك هێنانی ماف و ئەرك بۆ لایەنەکانی ، بەشێوەیەکی ئارەزوو مەندانە چوارچێوەی پەیماننامە ڕێك دەخات .

مەرجی سەرەکیش بۆ پەیماننامە ئەوەیە ، پێویستە لە نێوانی کەسانی یاسای نێودەوڵەتاندا بێت ( دەوڵەتان ، ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری گەلان و کەسانی تری یاسای نێوان دەوڵەتان(١١) .

پەیماننامە دەبێتە هۆی پێکهێنانی بنەمای یاسایی لە یاسای نێو دەوڵەتاندا ، هەروەکو چۆن دەسەلاّتی یاسادانان لە ناوخۆی وولاّتدا یاسا دادەنێت ، بەو جۆرەش پەیماننامە ڕۆلی یاسادانان دەبینێت (١٢) .

ڕێکەوتننامەی ڤیەننا دەربارەی یاسای پەیماننامان لە ساڵی ١٩٦٩دا، بنەما عورفییەکانی یاسای نێودەوڵەتانی خستە چوارچێوەی تێکستی قانونیەوە (١٣) .

٣- پرنسیپەگشتییەکانی یاسا:
LES PRINCEIPES GENERAUX DE DROIT – GENERAL PRINCIPLES OF LAW

ئەو کۆمەڵە پرینسیپە قانونیانەی کە کۆمەڵگەی شارستانی لە جیهاندا دانی پیادا ناوە و پێویستە لەیاساکانی ناوخۆی وولاتاندا پەیڕەو بکرێت . وەکو پرینسیپی سەرەکی سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی . وەکو پرینسیپەکانی سەرجەم یاساکانی ناوخۆ ، بنەماکانی ڕێو ڕەسمی داخوازیکردن و بەڵگەی ئیسپاتکردن ، هەروەها پرینسیپەکانی سیستێمی نێو دەوڵەتی ، وەکو سەرخستنی یاسای نێودەوڵەتان بە سەر یاسای ناوخۆ و بەردەوام بوونی دەوڵەت لە دوای گۆڕانی حکومەت و پارێزگاری و داب و رەسمی دیپلۆماسی (١٤) .

زانایان پرینسیپە گشتییەکانی یاسا بەوە دیاری دەکەن کەمەبەست لەوە ئەو پرینسیپە بنەڕەتیانەیە کە لە یاساکانی ناوخۆی ولاّتاندا هەن (١٥) .

**دووەم : سەرچاوە لاوەکییەکان یان ( سەرچاوەی یارمەتیدەر ) LES SOURCES AUXILIARES**

وەکو لە بەندی (٣٨) ی دەستوری دادگای دادی نێودەوڵەتیدا دیاریکراوە ، کە دادگاکە سەرباری سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسای نێو دەوڵەتان دەتوانێت پشت بە بڕیاری دادگاکان و تێڕوانینی قانوون ناسانی میللەتانی دونیا ببەستێت بۆ دیاریکردنی بڕیارو بنەمای قانوونی . کەواتە ، سەرچاوە یارمەتیدەرەکانی یاسای نێو دەوڵەتان بریتین لە :

١. بڕیاری دادگای دادی نێو دەوڵەتان سەربە UN.
٢. تێڕوانین و بیروڕای قانوون ناسانی میللەتانی دونیا .
٣. بڕیارەکانی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان ، لە جۆری UN.
٤. قانونی ناوخۆی ولاّتان (١٦) .

## <u>بەشی سێیەم</u>

## سەرهەڵدان و پێکهاتنی یاسای نێو دەوڵەتان .

سەرهەڵدان و پەیدابوونی قانوونی نێو دەوڵەتان بەستراوە بە سەرهەڵدانی دەوڵەتانەوە ، کەواتە دەوڵەت لە سەرەتاوە قانوونی ناوخۆی هەبووە بۆ ڕێکخستنی کاروباری و بۆ گونجاندنی جۆری دەسەلاّت بەسەر هاوولاّتیان و پێوەندیی نێوان هاوولاّتیان و ئۆرگانەکانی ناوخۆی . هەر بۆیەش قانوونی نێو دەوڵەتان وەکو پێویست بۆ پێکهێنانی پێوەندی نێوان وولاّتان هاتۆتە کایەوە . کەواتە ، قانونی نێو دەوڵەتان لە سەرەتاوە سوودی لە قانوونی ناوخۆی دەوڵەت وەرگرتووە (١٧).

لە سەدەکانی ( ١٥ و ١٦ ) دا بە هۆی ڕووداو و پێشکەوتنە گرنگەکانی ئەورووپاوە ، لە سەرجەم ژیانی سیاسی، ئابووری ، کۆمەلاّیەتی ، ئایینی ، زانستی و کولتووریدا گۆڕان

دروست بووە ، ئەو پێشکەوتنەش بووە هۆی پێشکەوتن و ڕەنگ ڕشتنی چوار چێوەیەکی قانوونی لە نێوان دەوڵەتاندا و قانوونی گشتی نێو دەوڵەتان گەشەی کرد .

ئەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی پێشکەوتن و زیاتر کامڵ بوونی قانوونی نێو دەوڵەتان ئەمانە بوون :

**ڕێنیسانس La Renaissance " النهضة العلمية " :**

پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی ، زانستی و ڕۆڵی زانکۆکانی ئەوروپا جێگەیەکی دیاریان هەیە لە پێکهێنانی بنەماکانی قانوونی نێو دەوڵەتاندا ، چونکە لە سەدەی پازدە و بە دواوە کۆمەڵێك شارەزاو پسپۆری کلاسیکی لە بواری قانوونی نێو دەوڵەتاندا دەرکەوتن کە ئەوانە بە پێشڕەوانی قانونی نێو دەوڵەتان ناسراون (١٨) .

**پێکهاتنی دەوڵەتانی ناسیونالْ :**

پێشکەوتنی دەوڵەتانی ئەوروپا گەیشتە ئەو قۆناغەی کە دەسەلأتی ئاینی مەسیحی و سەرداریێتی کلیساکان کەم بێتەوە و پێوەندیی نێوان دەوڵەتان لەسەر بناغەی پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشیان ، کاریکی وای کرد ، سەردەمی دەرەبەگایەتی خۆی دا لە کزی و هەرەسی هێنا . ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد کە پێوەندیی نێوان وولأتانی ئەوروپا پایەی دەوڵەتەکانی لەسەر بناغەیەکی نەتەوەیی دارشت و پاشای دەوڵەتەکانیان خۆیان لە دەسەلأتی کلیساکان دابڕی . ئەم گۆڕانە بووە هۆی پەیدابوونی گەڵێ دەوڵەتی تازە لە ئەوروپا لەسەر بناغەی نەتەوەیی . بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئاینیش کارێکی وای کرد هەستی نەتەوایەتی زیادی کرد و زمانی نەتەوەیی بووبە زمانی نوێژکردنیش ، لە جێگەی زمانی لاتینی کە زمانحاڵی ڕەسمی کلیساکان بوو .

بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئاینی بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ بووە هۆی سەرهەڵدانی بنەماکانی قانوونی نێو دەوڵەتان ، ئەویش بە هۆی ئەو جەنگ و پێکدانانەی کە گەیشتە ڕێکەوتنی ﴿ ئوگسبورگ ﴾ لە ساڵی ( ١٥٥٥ ) دا . ئەو ڕێکەوتنە پرنسیپی ( هەر کەسەو لەسەر ئاینی پاشای خۆی ) داهێناو بووە هۆی دان پێدانان بە (٣٥٠ ) دەوڵەتدا ، کە سەرجەمیان لەسەر خاکی ئەڵمانیا بوون .

ئەم دەوڵەتانەش لە نێوان خۆیاندا و لەگەڵ دەوڵەتانی تردا کەوتنە پێوەندی و ڕێکەوتن لەسەر چوار چێوە و شێوەی ڕێکخستنی نێوانیان ، ئیتر ئەو جۆری پەیوەندییانەش سەرەتایەکی قانوونی لە قانوونی گشتی نێوان وڵاتاندا دروست کرد و تا ڕۆژگاری ئیمڕۆش لە پەرەسەندندایە (٢٠) .

**پێشکەوتنی زانستی جوگرافی و دەریایی :**

دۆزینەوە و دەست بەسەراگرتنی ناوچەی جوگرافی ڕاستەوخۆ بوونە هۆی پەیدابوون و پێشکەوتنی بنەماکانی قانوونی نێودەوڵەتان وەکو :

١. هەر دەوڵەتێك هەر ناوچەیەکی بدۆزیبایەتەوە ، دەستی بەسەردا دەگرت و دەیلکاند بە وڵاتەکەی خۆیەوە.

٢. گەلێ چوار چێوەی بنەمای قانوونی دانران کە تایبەت بوون بە قانوونی دەریاوە .

٣. پەیماننامە و ڕێکەوتننامەی نێوان وڵاتە ئەورووپییەکان ماف و ئەرکی تازەی بۆ دەوڵەتان دیاری دەکرد دەربارەی ئەو هەرێم و ناوچانەی کە هەر دەوڵەتێك داگیری دەکرد یا دەستی لێ هەڵدەگرت بۆ دەوڵەتێکی تر.

**کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دادگاکانی دەوڵەتی عوسمانی لە بەرانبەر ئەورووپییەکاندا :**

**Capitulations**

پرنیسیپێکی خراپ پەیدابوو کە ئازادییەکی زیاد لە پێویست درا بە ئەورووپییەکان لەسەر خاکی وڵاتانی تر . بە گوێرەی پەیماننامەی نێوان سوڵتانی عوسمانی سلێمانی قانوونی و مەلیکی فەرەنسە فرانسوای یەکەم لە (١٥٣٥) دا ، دەسەڵاتی عوسمانی نەیدەتوانی دادگایی فەرەنسیەکانی ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی بکات و لێیان بپرسێتەوە ، ئەمەش یەکسانی نێوان دەوڵەتانی شکاند و بووە هۆی ئەوەی ئەورووپییەکان بۆ سوود وەرگرتن و بەرژەوەندیی خۆیان ، زیاتر نزیك بنەوە لە وڵاتانی ئیسلامی وەکو عوسمانی و مەغریبی و وڵاتە ئاسیاییەکان ( چین و ژاپۆن ) ، ئەم نەریتە یاساییە دەستی دەوڵەتانی ئەورووپای کردەوە کە زۆربەیان بچنە پەیماننامەی ( ١٥٣٥ ) ەوە ، تا بتوانن زیاتر دەست لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانە وەردەن(٢٢).

**کۆنگرەی وستفالیا :**

شەڕ و شۆڕی ناوخۆ بە هۆی جیاوازیی بیروڕا و دەست درێژکردنە سەریەکتر ماوەی (٣٠) سی ساڵ درێژەی کێشا تا لە کۆنگرەی وستفالیا ، ساڵی ( ١٦٤٨ ) کۆتایی هات و ئیمپراتۆری ئەڵمانی تێکچوو ، سەرەنجام کۆنگرە دانی نا بە سەرداریێتی ( ٣٥٥ ) دەوڵەتی تازەدا (٢٣) .

ئیتر پێوەندییەکی تازەی نێوان دەوڵەتانی ئەورووپا پێکهات و گەلێك لە شارەزایانی قانوونی نێو دەوڵەتان ، کۆنگرەی وستفالیا بە ناسنامەی لەدایکبوونی یاسای تازەی نێو دەوڵەتان دەزانن .

بڕیارە گرنگەکانی کۆنگرەی وستفالیا ئەمانە بوون :

١. دان پێدانانی هەڵوەشاندنی ئیمپراتۆری ئەڵمانی و دابەشبوونی بە سەر چەند دەوڵەتی نەتەوەیی بچووکدا .

٢. باوەڕهێنان بە سەردارێتی دەوڵەتان ، بە بێ ڕەچاوکردنی ڕێبازی ئاینی کاتولیکی یا پرۆتستانتی و دەربازبوونی دەوڵەتان لە دەسەلاتی بەرزی پاپا .

٣. باوەڕهێنان بە مافی دەوڵەت لە جەنگ و سەرداریدا . ئیتر ئایدیای شەڕی ( ڕەوا ) و (ناڕەوا) نەما و دەوڵەت مافی خۆی بوو لە بڕیاردانی هەر شەڕێکدا .

٤. باوەڕهێنان بە پێکهێنانی نوێنەرایەتی دیبلۆماسی بەهۆی سەفارەتخانەوە ، نەک بەهۆی نوێنەرایەتی کاتییەوە کە پێشتر هەبوو .

٥. باوەڕهێنان بە پاراستنی ئاشتی و یەکسانی و سنووری دەسەلاتی نێوان دەوڵەتان (٢٤) .

لە کۆنگرەی وستفالیادا ، بە ڕێکەوتنی نێوان دەوڵەتان ، پێوەندی نێوانیان و بنەماکانی ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییە بووە هۆی دروست بوونی سەرەتایەکی جێگیری بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتان (٢٥) .

**شۆڕشی ئەمەریکا ( ١٧٧٥-١٧٨٣ )**

ئەم شۆڕشە بە سەرکەوتنی جەنگاوەرانی ئەمەریکا بەسەر کۆلۆنیالیزمی بەریتانیادا کۆتایی هات و ئەمەریکا لە بەریتانیا دابڕا . سەرکەوتنی شۆڕشی ئەمەریکا چەند پرینسیپسێکی تازەی هێنایە قانوونی نێو دەوڵەتانەوە:

١. مافی گەلانی کۆلۆنی بۆ خەبات کردن لە دژی دەوڵەتی کۆلۆنیال و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.

٢. دان پێدانان بە جەنگاوەران Belligerants وەکو لایەنی ( کەسی ) یاسای نێو دەوڵەتان.

٣. مافی دەستێوەردان بەمەبەستی پشتگیریی کردنی جەنگاوەران ، هەروەکو فەرەنسە پشتگیریی شۆڕشگێرانی ئەمەریکای کرد .

**شۆڕشی فەرەنسە ( ١٧٨٩ - ١٧٩٥ )**

شۆڕشی فەرەنسە کارێکی گرنگی کردە سەر پێوەندی نێوان وڵاتانی دونیا و ئەنجامی دیاری هەبوو لە گۆڕینی نەخشەی جیهان و لە قانوونی نێو دەوڵەتاندا .

ئەو چوار چێوە و بنەما یاساییانەی کە شۆڕشی فەرەنسە جێگیری کردن :

١. مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسدا ، بە تایبەتیش دان پێدانان بەسەرداریێتی گەلان نەك سەرداریێتی دەسەلاّتداران .

٢. شۆڕشی فەرەنسە بەیاننامەی مافی مرۆڤ و هاونیشتمانانی لە ساڵی ( ١٧٩٢ ) دا بلاّو کردەوە ، کە بووە سەرەتایەك بۆ بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە (١٩٤٨/١٢/١٠) دا کە لەلایەن ڕێکخراوی UN –ەوە بلاّو کرایەوە .

٣. شۆڕشی فەرەنسە لە ساڵانی ( ١٧٩٢ ، ١٧٩٣) دا گەلێك بڕیار و بەڵگەنامەی دەربارەی ڕەفتارکردن لەگەل دیلەکانی جەنگدا بلاّوکردەوە ، کە زەمینەیەکی باشیان خۆشکرد بۆ قانوونی مرۆڤایەتی (٢٦) .

پاش ئەم ڕووداوانە ، کۆمەڵێك ڕێکەوتننامە و پەیماننامە و کۆنفرانس و بەڵگەنامەی جیهانی ڕۆڵێکی دیاریان هەیە لە یاسای نێو دەوڵەتاندا ، تاکو جەنگی یەکەمی جیهانی ، کە ڕێکخراوی ( عصبة الأمم ) پێکهات و ڕووداوەکانی پاشتر تا جەنگی دووەم کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زەمینەیەکی باشی پێشکەوتنی یاسای نێو دەوڵەتانی داڕشت .

## بەشی چوارەم

## هەندێ لایەنی پێوەندیی نێوان یاسای نێو دەوڵەتان و یاسای ناوخۆی دەوڵەت

ئەگەر چی چەند بیروبۆچونێکی جیاواز هەیە دەربارەی پێوەندیی نێوان یاسای نێو دەوڵەتان و یاسای ناوخۆی دەوڵەت ، بەلاّم پێشکەوتن و پێوەندیی نێوان دەوڵەتانی دونیا ئەوەی سەلماند کە یاسای نێو دەوڵەتان لەسەردەمی تازەدا بالاّ دەستەو لەسەرووی یاساکانی ناوخۆی دەوڵەتەوەیە و پێداویستی پێوەندیی نێوان دەوڵەتانی دونیا و کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی ئەوە دیاری دەکات کە پێویستە بنەما و پرنسیپەکانی یاسای نێو دەوڵەتان لە خزمەتی مرۆڤایەتیدابن ، بۆیە سیستمی حوکمڕان لە دەوڵەتدا هەرچیەك بێت ، پێویستە یاساکانی ناوخۆی پشت بە یاسای نێو دەوڵەتان ببەستێت و سەروەرییەکی پێ ببەخشێت .

لە مێژووی یاسای نێو دەوڵەتاندا ، دوو ڕێبازی دیار هەن دەربارەی پێوەندیی نێوان یاسای نێو دەوڵەتان و یاسای ناوخۆ .

<u>ڕێبازی یەکەم</u> :دووانەی هەردوو یاسا ( إزدواج القانونین ) :

ئەم ڕێبازە یاسای نێو دەوڵەتان بەجیاو سەربەخۆ دەزانێت ، لە یاسای ناوخۆی دەوڵەت . بە گوێرەی ئەم ڕێبازە ، سەرچاوەو بابەت و لایەنەکانی یاساو پێکهاتەی یاسایی هەردوو ( یاسای نێو دەوڵەتان و یاسای ناوخۆی دەوڵەت ) لەیەك جیاوازن .

ڕێبازی دووەم :یەکگرتنی هەردوو یاسا ( وحدة القانونين ) ئەم ڕێبازە یاسای نێو دەوڵەتان و یاسای ناوخۆ بە پێکهاتەیەکی یەکگرتوو دەزانێت و لەیەکیان جیاناکاتەوە . بە گوێرەی ئەم ڕێبازە دەوڵەت ، پابەندی بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتانە و دەستوری ناوخۆی دەوڵەتیش ئەوە ڕەچاو دەکات (٢٧) .

هەروەها دادوەریی نێو دەوڵەتان ( القضاء الدولي ) دان بەوەدا دەنێت کە دەسەڵاتی یاسای نێو دەوڵەتان زاڵە بەسەر یاسای ناو دەوڵەتدا ، ئەمەش لە کۆمەڵێك بڕیارو کاری دادگاکانی نێو دەوڵەتیدا دیاریکراوە (٢٨) .

دیارە هەریەك لەم ڕێبازانە بیروڕای جیاوازی لەسەرە بەڵام ناتوانین سیستمی یاسای نێو دەوڵەتان و یاسای ناوخۆی دەوڵەت لەیەك دابڕین . بە تایبەتیش سەرخستنی یاسای نێو دەوڵەتان بەسەر یاسای ناوخۆدا لەم سەردەمەدا لە بواری نێو دەوڵەتی و لە دەستورو یاساکانی ناوخۆی دەوڵەتاندا دیارو ئاشکرایە .

یاسای نێو دەوڵەتان و یاسای ناوخۆی دەوڵەت نە لەیەك دابڕاون و نە یەك قانوونیشن . هەریەکەو سەربەخۆیی خۆی هەیە ، بەڵام پێوەندییەکی توندوتۆڵ و گرنگ لە نێوانیاندا هەیە ، هیچ دەوڵەتێك بۆی نیە لە ناوخۆی خۆیدا بە پێچەوانەو دژی بنەماکانی قانوونی نێو دەوڵەتان یاساو بڕیارەکانی خۆی داڕێژێت بۆیە :

١. پێویستە دەوڵەت لە داڕشتن و ڕێکخستنی قانوونەکانی ناوخۆیدا ڕەچاوی دەق و بنەما قانوونیەکانی نێو دەوڵەتان بکات . یا ئەوەتا لە دەستوری ناوخۆدا ئەو ڕێزگرتنە دیاری بکات، یا بە قانوونی تایبەت پێوەندی دەوڵەت بە یاسای نێو دەوڵەتانەوە دیاری بکرێ ، یا دەکرێ لە قانوونەکانی ناوخۆدا بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتان ڕەچاو بکرێ و پابەندێتی نێو نەتەوەیی نەشکێندرێت .

٢. هەر ناکۆکیەك و کەم وکوڕییەك کە لەیاسای ناوخۆی هەر دەوڵەتێکدا هەبێت لە ئاستی قانوونی نێو دەوڵەتاندا ، دەوڵەت بەرپرسیار دەکات . هیچ دەوڵەتێکیش بۆی نی‌یە خۆی دەرباز بکات بەو بیانووەی کە لە قانوونەکانی ناوخۆیدا تێکستی تایبەت بە ڕێزگرتن و ڕەچاوکردنی قانوونی نێو دەوڵەتان نی‌یە (٢٩).

لەدوای تێگەیشتنی ئەوەی کەیاسای نێو دەوڵەتان دەسەڵاتی لەسەرووی یاساکانی ناوخۆی دەوڵەتەوەیە ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەوڵەت پابەندێتی دەکەوێتە ئەستو

له ئاستی یاسای نێو دەوڵەتاندا ، چونکە هەر دەوڵەتێك ئەندامە لە كۆمەڵگەی جیهانیدا ، بویە پێویستە بەرژەوەندیی وخێری مرۆڤایەتی لەبەر چاوبگرێت.

ئەگەر بە گوێرەی پابەندێتی نێو نەتەوەیی سەیری رەفتاری حکومەتی عێراق بکەین ، لەسیاسەتی ڕۆژانەیدا پێشێلکارییێکی دیار و ترسناك بەرچاودەکەوێت.

عێراق یەکێکە لەئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ئەو ڕێکخراوەش بەگوێرەی ئەوەی بەیەکگرتنی خواست ومەبەستی دەوڵەتانی دونیا پێکهاتووە ، دەبێتە یەکێك لەکەسانی یاسا ، لەزانستی یاسادا دەبێتە یەکێك لە کەسانی یاسای نێو دەوڵەتان . کەسانی یاسا ، واتە ئەو لایەنانەی کە کەسایەتی یاساییان هەیە و بەشدارن لە پێکهێنانی بنەمای یاسایی لە نێوان دەوڵەتاندا .

دیارە ئەو لایەنانەی کەخۆیان بنەمای یاسایی (قاعدە قانونیە ) پێك دەهێنن ، دەبێت پابەندبن بەجێ بەجێکردنیەوە . لەلایەکی دیکەشەوە ، ئەو بنەما یاساییانەی کەدەربارەی مافی مرۆڤن ، دەوڵەتان ئەگەر بەشداریش نەبن لە پێکهێنانیاندا هەر دەبێت پێوەیان پابەندبن ، چونکە حوکمی ئەو بنەمایانە وەکو دەسەڵاتێکی باڵا دەسەپێندرێت بەسەرهەموو دەوڵەتان و ڕێکخراوە جیهانیەکاندا .

جا عێراق وەکو یەکێك لەئەندامانی ڕێکخراوێکی جیهانی کەبەدەقی نوسراو بەگوێرەی دەستوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وبەگوێرەی سەرجەم بەڵگەنامەکانی دیکەی ئەو ڕێکخراوە بەرپرسیارێتی نێو نەتەوەیی لەئەستۆدایە لە ڕێزگرتنی مافی مرۆڤدا . بۆ جێ بەجێکردنی ئەو بەرپرسیارێتیە پێویستە چ لە قانون وبریارەکانی ناوخۆی خۆیدا و چ لەبواری جێ‌بەجێکردندا بەکردەوە ئەوە بسەلمێنرێت کەئەو ئەرکەی جێ‌بەجێکردووە .

پێشەکی دەستوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر لەکاتی دروست بوونی ئەو ڕێکخراوەوە ، ئەوە دیاری دەکات کەدەوڵەتان بەناوی میللەتانەوە ئەوبەرپرسیارێتی‌یە دەگرنە ئەستۆی خۆیان تا نەوەکانی داهاتووی مرۆڤایەتی لەکارەساتی جەنگ وجیاوازیی ونەژادپەرستی بپارێزن . هەروەها باوەڕی دەوڵەتان بەمافە سەرەکیەکان وکەرامەتی مرۆڤ ویەکسانی لەنێوان میللەتان بەگەورەو بچووکیانەوە دیاری دەکات.

دیارە هەر بەگوێرەی ئەو پێشەکی‌یە ، ئەو یەکسانی یە بەهۆی کارئاسان کردنەوە دێتە دی لە پێشەکەوتنی کۆمەڵایەتی وئازادی دابین کردندا .

ئەگەر سەیری سیاسەتی حکومەتی عێراق بکەین بەرامبەر بەمافی مرۆڤ بەگشتی ومافی مرۆڤی کورد بەتایبەتی ، بەتەواویی لەبەرامبەر ، نەك جیاوازی وناکۆکی ڕادەوەستین ، بەڵکو جۆری پێشێلکردنەکانی عێراق ، لەبەرامبەر کۆمەڵە تاوانێکدا ڕامان دەگرێت کە سەرجەمیان بەتاوانی نێو نەتەوەیی دەناسرێن .

لێرەدا چەند نمونەیەك لەپیادەكردنی سیاسەتی حكومەتی عێراق تۆمار دەكەین كە دەبینین هیچ ڕێزو حورمەتێك نەك بۆ پابەندێتی عێراق خۆی ، بەڵكو بۆ مرۆڤ دانەنراوە .

لەم چەند بەڵگەنامەیەی حكومەتی عێراقدا میكانیزمی كاركردنی دەزگاكانی حكومەتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لەپیادەكردنی سیاسەتی ، یەكەم : دابڕینی مرۆڤی كورد لەخاكی خۆی ، دووەمیش : دەست بەسەراگرتنی مرۆڤی كورد بەو جۆرەی ئەو دەست بەسەرا گرتنە كۆنترۆڵێكی تەواوی ئازادی ژیان و یاریی كردن بێت بەئیرادەو دیاریكردنی شوێنی ژیانیش بێت .

لێرەدا باس لەوە ناكرێت كەبچینە سەر ئیسپاتكردنی كوردستانی بوونی شاری كەركوك و بەڵگەی مێژوویی بهێنینەوە بۆئەو مەبەستە بەڵكو نمونەی ئەو بەڵگەنامانەی حكومەتی عیراق خۆی نیازی خراپی كاربەدەستانی عیراق دەردەخات لەبەرامبەر ڕەگەزی كوردا ، جائەگەر خەڵكی كەركوك ( وەكو تاك) سەیر بكەین لەكەسانی میللەتی كورد ، ئەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی لە كاتێكدا سیاسەتی حكومەتی عێراق بەرامبەر بەخەڵكی ئەوشارە بەو جۆرە بێت دیارە بەرامبەر سەرجەم میللەت خراپتر دەبێت .

بەڵام مەبەستی سەرەكی حكومەتی عێراق بەرامبەر دانیشتوانی شاری كەركوك وناوچەكانی دەوروبەری دیارە بەشێوەیەكی نەخشە بۆ كێشراو دەیەوێت لەڕووی مێژووییەوە كورد و كەركوك لەیەك دابڕێت ، ئەوەش مەبەستی سیاسی ، ئابووری وستراتیژیی گرنگی لەپشتەوە یە .

لەپێشەكی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤیشدا دیارە یەكێك لەو هۆیانەی بوونەتە زەمینە بۆ جاڕنامەكە ئەوەیە كە دەوڵەتانی ئەندامی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان پەیمانیان داوە كەهاوكاری ئەو ڕێكخراوە بن بۆ پێش خستنی ڕێزگرتن و چاودێری كردنی هەموو لایەنەكانی مافەكانی مرۆڤ وئازادیە سەرەكیەكان .

كەواتە ، عێراق وەكو یەكێك لەدەوڵەتانی ئەندامی ڕێكخراوێكی جیهانی پێویستە پابەند بێت بەو ئەركانەی ئەو ڕێكخراوە دەیسەپێنێت بەسەریدا ، چونكە ئەو ڕێكخراوە :

یەكەم : بەهۆی ئامانجەكانیەوە ، دووەمیش : لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێكی گەورەیە كە دەبێتە لایەنێكی دیار لەیاسای نێو دەوڵەتاندا تاكو بنەمای یاسایی پێك بێت بەهۆی كارەكانیەوە كە پشت بەئامانجەكانی دەبەستێت .

ڕاگواستن و تەعریب كردن لەسیاسەتی حكومەتی عێراق دا دیارو لەبەرچاوە . مرۆڤ سەر بە هەر نەتەوەو گرووپێك بێت ، پێویستە بە ئەندازەی لەبارو گونجاو ئازادی بۆدابین بكرێت كە لە هەر ناوچەیەك یا شوێنێك دەژی .

بەلأم کاتێك ئەو ئازادییە لە مرۆڤ زەوت دەکرێ وبەکۆت وپێوەند ناچار دەکرێت مل بۆ سیاسەتێکی شۆڤینیستیانە بدات ، تەنانەت گەمە بەخواست ودەسەلأتیشی دەکرێت . ئیتر کێشەی پێشێلکردنی مافەکانی دەچێتە ئاستێك کە لە چوارچێوەی ئاسایی ناوخۆی ئەو وولأتە دەبازدەبێت و وەکو کێشەیەکی جیهانی دەبێت چارەسەری بکرێت .

برگەی دووەمی بەندی دووەمی جارنامەی مافی مرۆڤ جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەنابێت پایەی سیاسی یا قانونی هەر ناوچەیەك کە مرۆڤ تیایدا دەژی سەیر بکرێت لەرێزگرتنی ماف وئازادی یەکانی مرۆڤدا . دەقەکەشی بەم جۆرەیە :

(( نابێت پایەی سیاسی ، قانونی یا نێو نەتەوەیی ئەو وولأتە یا ئەو ناوچەیە کە مرۆڤەکەی لێوەدێت ، بکرێتە بناغەی هیچ جۆرە جیاوازیەك ، ئیدی ئەگەر ئەو وولأتە یان ئەو ناوچەیە سەر بەخۆ بوو یان لەسایە ولەژێر چاودێریدا بوو یان خاوەنی ئۆتۆنۆمی نەبوو یان سەروەری وسەربەخۆییەکەی گرێدراوی هەر چەشنە مەرج وبەندێك بوو)) .

بەگوێرەی ئەو بەندەی جارنامەی مافی مرۆڤ نابێت دەولەت وا ڕەفتار بکات ئەگەر کەسانێك ئازادیەکانیان پابەندی دەسەلأت و هێزێکی دەرەوەی دەسەلأتی خۆیان بوو ، ئیتر وەکو دیل و تۆمەتبار ڕەفتاریان لەگەڵ دا بکرێت . لە پیادەکردنی ئەو دەقەدا زۆر بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە حکومەتی عێراق ڕەفتارەکانی چەند ناکۆکن لەگەڵ دەق وبنەماکانی یاسای مرۆڤایەتی دا.

حکومەتی عێراق بە نەخشەو پلانی تایبەت کەرکووك ، خانەقین وناوچەکانی دەوروبەریانی بۆ سیاسەتی ڕاگواستن و تەعریب دیاریکردووە ، بۆ ئەو مەبەستە ((کورد )) بەتایبەتی وەکو ((ڕەگەز)) دیاری کراوە کە بە بریارو نووسراوی ڕەسمی دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەردەکرێن .

بەندی نۆیەمی جاڕی گەردونی ، دەڵێت : ( نابێت هیچ کەسێك بەشێوەیەکی ڕەمەکی بگیرێت یان دەست بەسەر بکرێت یان دوور بخرێتەوە ) .

یەکێك لەشێوەی بەکارهێنانی سیاسەتی دژ بەمرۆڤایەتی ، دیاری کردنی کۆمەڵە مرۆڤێکە لەهەر ناوچەو جێگەیەکی دونیا دابێت ، ئەو دیاریکردنە بەمەبەستی فەوتاندن ، یا ئاوارەکردن و پەرتەوازەکردن ، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی .

لەبەرئەوەی ئەو تاوانە لە دژی مرۆڤایەتیە ، دەتوانین کێشەی دەرکردنی کورد لە کەرکووك و خانەقین وچەند ناوچەیەکی تری کوردستان ، وەکو یەکێك لەو کێشانە دابنێین کە بووە بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی جینوسایدی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە .

لێرەدا چەند بەڵگەنامەیەكی ڕەسمی دەزگاكانی ڕژێمی عێراق دەخەینەڕوو ، كە هیچ لێدوان و ڕاڕاییەك هەڵناگرن ، لە ئیسپاتكردنی میكانیزمی جێ بەجێكردنی سیاسەتێكی دڕندانەدا لە دژی مرۆڤی كورد .

دیارە كە مرۆڤی كورد وەكو تاك بەم جۆرە ڕەفتاری لەگەڵ كرا لەبەر ئەوەی كە كوردە و لە نیشتمانی خۆیدا دەژی ، لەشاری خۆیدا دەژی ، ئەوە پێوانەیە بۆ دیاری كردنی سیاسەتێكی فراوانتر كەسەرجەمی گەلی كورد دەگرێتەوە .

ئەم بەڵگەنامانە نووسراوی ڕەسمین وبەكردەوەش جێبەجێكراون . لەهەموو بەڵگەنامەكاندا ئەم شتانە دیاری كراون :

١–ئەو شوێنەی كە دانیشتوانی لێ دەردەكرێت .

٢–ئەو شوێنەی كە دەركراوەكانی بۆ ڕەوانە دەكرێت

٣–ئەو لایەن و دەزگایانەی كە دانیشتوانی دەركردووە .

٤– ئەو لایەن و دەزگایانەی كەدەركراوەكان وەردەگرن یان ئەو ناوچانەی كەدەركراوەكانی بۆ ڕەوانە دەكرێن.

٥– دەست بەسەرا گرتنی ماڵ و پێویستیەكانی تری ژیانی دەركراوەكان .

٦– دیاری كردنی دەركراوەكان بە( ناو ) ی سیانی .

٧– ئاگاداركردنەوەی لێپرسراوانی بەر پرسیار لەو كارانە لەدوای ئەنجامدانیان .

٨–بەنووسراوی ڕەسمی پرۆسەی دەركردنەكە ئەنجام دەدرێت وبەنووسراوی ڕەسمیش ئەنجامەكەی ڕەوانە دەكرێت بۆكەس و لایەنی بەرپرس.

٩–ژمارەی دەركراوان ، چەند كەس و ماڵێك نین ، تاكو بەهۆی تایبەت وپێویست ئەو كارە ئەنجام بدرێت، بەڵكو ژمارەیەكی زۆرەو بەشێوەیكی گەلەكی وبەكۆمەڵ دەردەكرێن .

١٠–بیانووی پێویستی ئەمنی و بایەخی شاری كەركووك دەست نیشان كراوە بۆ دەركردنی ئەو كەسانەی بەر ئەو شاڵاوە كەوتوون .

ئەگەر چاوێك بە بەڵگەنامەكانی یاسای نێو دەوڵەتان دا بگێڕین بەگوێرەی ژمارەی زۆر دەق و بەڵگەنامەی تەواو، سیاسەتی حكومەتی عێراق پێشێلكردنێكی تەواوی ئەو بەڵگەنامانەو ئەو پابەندێتیەیە كە یاسای نێو دەوڵەتان دەیخاتە ئەستۆی دەوڵەتانیدونیا . هەربۆ نموونە ناوی چەند بەڵگەنامەیەكی گرنگی یاسای نێو دەوڵەتان دەنووسین :

* دەستوری ڕێكخراوی UN .

*جاری گەردونی مافی مرۆڤ ، ساڵی ١٩٤٨ .

*پەیماننامەی تایبەت بە قەدەغەكردنی جیاوازی ڕەگەزو نەژاد پەرستی .

*پرنسیب وبنەماكانی یاسای نێو دەوڵەتان لەرێزگرتنی مافی مرۆڤ دا .

*هەردوو پەیمانی نێو دەوڵەتی ساڵی ١٩٦٦ تایبەت بەمافی ئابووری ، کۆمەڵایەتی وکولتووری وتایبەت بەمافی مەدەنی وسیاسی لەگەڵ پرۆتۆکۆلی پاشبەندی هەردوو پەیمانەکەدا .

والێرەدا ، دەقی چەند بەڵگەنامەیەکی حکومەتی عێراق وەکوخۆیان بڵاو دەکەینەوە کەتایبەتن بەدەرکردنی چەند کۆمەڵە خیزانێکی کورد لەشاری کەرکووک وچەند جێگایەکی تر ﴿ بروانە بەڵگەنامەی ژمارە ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧ ﴾.

## ئەنجام

یاسای نێو دەوڵەتان بایەخێکی دیاری هەیە لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتان و مەسەلە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا . بۆ دیاری کردنی ئەو بایەخە و زاڵبوونی بەسەر یاسای ناوخۆدا ، بۆمان ڕوون بۆوە کە یاسای نێو دەوڵەتان کۆمەڵێك بنەمایە پێوەندییەکانی نێوان کەسانی یاسای نێو دەوڵەتان ڕێك دەخات . ئەو بنەمایانە لە داب و نەریت و پەیماننامە و پرنسیبە سەرەکییەکانی یاساوە پەیدادەبن ، سەرباری ئەو سەرچاوانەش بڕیارەکانی دادگای نێو دەوڵەتی و ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی وەکو سەرچاوەی یارمەتیدەر دەبنە هۆی پێکهێنانی بنەمای یاسایی .
سەرجەم سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتان ڕۆڵیان دیارە لە پێکهێنان و پێشکەوتنی یاسای نێو دەوڵەتاندا .

دیارە سەرهەڵدانی دەوڵەت و پێویستی ڕێکخستنی پێوەندیی نێوانیان بنەماو چوار چێوەی جۆری پێوەندییەکانیانی دیاری کردوە . ئەگەر چی لە پەیدابوونی دەوڵەتەوە یاسای ناوخۆ هەبووە بەڵام بایەخ و ڕۆڵی پێوەندی نێوان دەوڵەتان و ڕێکخستنیان لەناو سیستمی یاسایی جیهانیدا ، ئەوەیان دیاریکردووە کە یاسای نێو دەوڵەتان و یاسای ناوخۆی دەوڵەتان نە دەتوانن لەیەك دابڕێن و نەیەك سیستمی یاسایش پێك دەهێنن ، بەڵکو جۆری پێوەندیی نێوانیان ، یاسای نێو دەوڵەتانی سەرخستووە بەسەر یاسای ناوخۆی دەوڵەتدا.
بۆیە ، سەروەریی یاسای نێو دەوڵەتان بەسەر یاسای ناوخۆی دەوڵەتدا ئەرك وفەرمانی دەوڵەتان دیاری دەکات ، کە نابێت یاساکانی ناوخو دژ و ناکۆك بن لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتاندا ، بەڵکو پێویستە لەڕووی تیۆری وبەکردەوەش ڕێزیان لێ بگرێت ، جا شکاندنی سەروەریی یاسای نێو دەوڵەتان دەبێتە هۆی شکاندنی پابەندیتی نێو نەتەوەیی دەوڵەت ، ئەوەیش بەرپرسیارێتی بۆ دروست دەکات.

لەو پێوەندگەوە ، سەیری چەند بەڵگەنامەیەکی ناوخۆی حکومەتی عێراق دەکەین کە جێبەجێکردنیان خەسڵەتی ڕەواو شەرعی وەرگرتووە لە ناوخۆی عێراق دا ، ئەو بەڵگەنامانە ش هەندێ نموونەی سەدان- بگرە هەزارانی لەو جۆرەن بۆ پاڵپشتی بیروڕاکانمان لەو بارەیەوە ،

کەعێراق لەناوخۆی خۆیدا پێشلکارییەکی کردوە مەترسی لەسەر ژیانی گەلی کورد دروست کردوە کەبەشێکە لە مرۆڤایەتی .

( بڕوانامە بەڵگەنامەی ژمارە ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧ ) .

## پەراوێـــزەکان


١. یاسای نێودەوڵەتان . بەسەرپەرشتی : گ . ی. تونکین ، مۆسکۆ ١٩٩٤ ( بەزمانی رووسی)، ل٣.

٢. هەمان سەرچاوە ل٩ .

٣. الدكتور عصام العطية : القانون الدولي العام ، الطبعة الخامسة ، جامعة بغداد ١٩٩٣ ص ١٠-١٥.

٤. د. إسماعيل الغزال : القانون الدولي العام ، بيروت ، ١٩٨٩ ص ٦ . هەروەها : د. محمد سامي عبد الحيد : أصول القانون الدولي العام ، الجزء الأول ، الطبعة الثالثة ، الدار الجامعية . ؟ .؟ .ص ١٥ .

٥. یاسای نێو دەوڵەتان : بەسەرپەرشتی تونکین ( بەزمانی ڕووسی ) ل ٨ .

٦. الدكتور عصام العطية : القانــون الــدولي العـــام ، الطبعة الخامسة ، جامعة بغداد ١٩٩٣ ص ٢١.

٧. الدكتور إحسان هندى : مبادىء القانون الدولي العام في السلم والحرب ، دارالجيل ، الطبعة الاولى ، دمشق ١٩٨٤ ص ٩١-٩٣ .

٨. دكتور محمد السعيد الدقاق ودكتور مصطفى سلامة حسين : مصادر القانون الـدولي العام ، منشأة المعارف بالأسكندرية ص ١١٧ .

٩. الدكتور عبد الكريم علوان : الوسيط فى القانون الدولي العام ، الكتاب الاول ، الطبعة الأولى ، عمان ١٩٩٧ ص١١٣ .

١٠. الدكتور ابراهيم محمد العنانى : القانون الدولي العام ، الجزء الأول ، القاهرة ١٩٩٩ ص ٢٧.

١١. الدكتور إحسان هندي : مبادىء القانون الدولي العام في السلم والحرب ، ص ٨٧ .

١٢. الدكتور عبدلكريم علوان : هە مان سە رچاوە ل ١١١ .

١٣. د. محمد السعيد الدقاق ودكتور مصطفى سلامةحسين : هە مان سەرچاوە ل ١٧ .

١٤. الدكتور إحسان هندي : مباديء القانون الدولي فى السلم والحرب ص١٠٣ .

١٥. الدكتور عبد الكريم علوان : الوسيط في القانون العام . الكتاب الأول ص ١١٦ .

١٦. یاسای نێو دە وڵە تان : بە سە ر پەرشتی : تونکین ( بەزمانی ڕووسی ) ل ٦٨ .

١٧. د. اسماعيل الغزال : القانون الدولي العام ، الطبعة الأولى ، بيروت ، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع -١٩٨٦ ص ١ .

١٨. الدكتور إحسان هندي: مباديء القانون الدولي العام في السلم والحرب ، ص ٣٧ .

١٩. دكتور علي صادق أبو هيف : القانون الدولي العام ، الطبعة الثانية عشرة ، الأسكندرية . منشأة المعارف ، ١٩٧٥ ص ٣٨ .

٢٠. الدكتور إحسان هندي : هەمان سەرچاوە ، ل ٣٨ .

٢١. هەمان سەرچاوە : ل ٣٩ .

٢٢. هەمان سەرچاوە ل : ل ٣٩ .

٢٣. یاسای نێو دەوڵەتان : بەسەرپەرشتی : گ . ی . تونكين ، مۆسكۆ١٩٩٤ ل ٣٠ ( بە زمانی ڕووسی).

٢٤. دكتور علي صادق أبو هيف : القانون الدولي العام ، الطبعة الثانية عشرة ، الأسكندرية ، منشاة المعارف ، ص ٣٩ -٤٠ ، هه روه ها : د. إحسان هندي : مبادىء القانون العام في السلم والحرب ، ص ٣٩-٤٠ .

٢٥. دكتور مصطفى أحمد فؤاد: النظرية العامة لقانون التنظيم الدولي وقواعد المنظمات الدوليه : الأسكندرية ، منشاة المعارف ، ١٩٨٦ ص ٣٧ .

٢٦. د. إحسان هندي : مبادىء القانون الدولي العام في السلم والحرب ، ص ٤٤ .

٢٧. الدكتور عبد الكريم علوان : الوسيط في القانون الدولي العام ، الكتاب الأول ، الطبعة الأولى . عمان ١٩٩٧ ص٢٣ ، الدكتور عصام العطية : القانون الدولي العام ، الطبعة الخامسة ، جامعة بغداد ١٩٩٣ ص ٥٥ .

٢٨. الدكتور عبد الكريم علوان : هەمان سەرچاوە ، ل ٣٠ .

٢٩. د. علی صادق أبوهيف : القانون الدولي العام ، ص ٩٠.


## سەرچاوەكان

### بە زمانی عەرەبی :

١. إبراهيم محمد العناني ( دكتور ) : القانون الدولي العام . الجزء الأول . القاهرة ١٩٩٩ .

٢. إحسان هندي ( دكتور ) : مبادىء القانون الدولي العام في السلم والحرب ، دار الجيل ، الطبعة الأولى ، دمشق ١٩٨٤ .

٣. إسماعيل الغزال ( دكتور ) : الوسيط في القانون الدولي العام ، بيروت ، ١٩٨٩ .

٤. عبدالكريم علوان ( دكتور ) : الوسيط في القانون الدولي العام ، الكتاب الأول ، الطبعة الأولى ، عمان ١٩٩٧ .

٥. عصام الدين العطية ( دكتور ) : القانون الدولي العام ، الطبعة الخامسة ، جامعة بغداد ١٩٩٣.

٦. علي صادق أبو هيف ( دكتور ) : القانون الدولي العام ، الطبعة الثانية عشرة ، منشأة المعارف ، الأسكندرية ١٩٧٥ .

٧. محمد سامي عبدالحميد ( دكتور ) : أصول القانون الدولي العام ، الطبعة الثالثة ، الدار الجامعية.

٨. محمد السعيد الدقاق ( دكتور ) و د. مصطفى سلامة حسين : مصادر القانون الدولي العام ، منشأة المعارف الأسكندرية . ؟ .

٩. مصطفى أحمد فؤاد ( دكتور ) : النظرية العامة لقانون التنظيم الدولي وقواعد المنظمات الدولية . منشأة المعارف ، الأسكندرية ١٩٨٦ .

### بە زمانی ڕووسی :

١٠ . یاسای نێو دەوڵەتان ، بە سەرپەرشتی : ك . ی . تونكين ، مۆسكۆ ١٩٩٤ .

## ملخص البحث

# تكوين القانون الدولي وعلاقته بالقانون الداخلي للدولة

تناولنا في هذا البحث موضوع علاقة القانون الدولي العام بالقانون الداخلي للدولة . لتحديد الترابط الموجود بين القانونين ، في مقدمة البحث أكدنا على ضرورة معرفة ماهية القانون الدولي ومصادره . لهذا الغرض وزعنا البحث إلى أربعة أقسام :

القسم الأول : معنى القانون الدولي .

القسم الثاني : مصادر القانون الدولي .

القسم الثالث : ظهور وتكوين القانون الدولي .

القسم الرابع : بعض جوانب الترابط بين القانون الدولي العام والقانون الداخلي للدولة .

في القسم الأول ، وضحنا مفهوم القانون الدولي حسب الإتجاهات المختلفة ، ثم استنتجنا تسمية القانون الدولي بدلا عن قانون الأمم أو الشعوب لكون الدول والأشخاص القانونية الدولية الأخرى هي التي تشارك في تكوين القواعد القانونية الدولية .

وفي القسم الثاني ، وزعنا مصادر القانون إلى المصادر الرئيسية والمصادر المساعدة . فالمصادر الرئيسية هي العرف والمعاهدات والمباديء العامة للقانون .، وقد درجنا العرف في البداية نظرا لإعتبار وجوده قبل وجود المعاهدات . أما المصادر المساعدة ، قد وضحناها بموجب المادة ( ٣٨ ) من ميثاق محكمة العدل الدولية .

وفي القسم الثالث ، تصفحنا تأريخ ظهور وتكوين القانون الدولي إعتبارا من القرنين الخامس والسادس العشر . وكذلك بحثنا العوامل التي ساعدت على تكوين وتطور القانون الدولي . ومن هذه العوامل : النهضة العلمية ، تكوين الدول القومية ، ظهور العلوم الجغرافية والبحرية ، تقليص سلطة المحاكم للدولة العثمانية تجاه الأوربيين ، مؤتمر وستفاليا ، الثورة الأمريكية ( ١٧٧٥ - ١٧٨٥ ) والثورة الفرنسية ( ١٧٨٩ - ١٧٩٥ ) . ثم أشرنا إلى تأثير الأحداث الدولية وتشكيل عصبة الأمم ومنظمة الأمم المتحدة بهذا الصدد .

وفي القسم الرابع والأخير ، شرحنا نظرية إزدواج القانونين ونظرية وحدة القانون حول كيفية العلاقة بين القانون الدولي العام والقانون الداخلي للدولة . ومن خلال تحليل هاتين التظريتين أكدنا على أن القانونين لا يعتبران قانونا واحدا ولا يمكن الفصل بينهما بشكل تام ، وإنما هناك علاقة واضحة ومتماسكة فيما بينهما. وقد أكدت الوقائع الدولية علوية القانون الدولي العام على القانون الداخلي . ثم ثبتنا إلتزام الدول بالقواعد القانونية الدولية . وفي حالة الإخلال بهذه الإلتزامات تقوم المسؤولية الدولية . ومن هذا المنطلق حددنا المسؤولية الدولية للحكومة العراقية نتيجة خرقها للقواعد القانونية الدولية في معاملتها مع الشعب الكردي . وإستنادا إلى الوثائق القانونية الدولية أكدنا على نوعية الخرق العراقي لإلتزاماتها الدولية .

وفي خاتمة البحث ، إستنتجنا الدور البارز للقانون الدولي عن علاقة الدول بالقضايا الهامة في حياة المجتمع البشري . وقد وضح البحث مصادر القانون الدولي وعلاقتها بظهور وتطور القانون الدولي العام ، ثم سيادة القانون الدولي قد حددت إلتزامات الدول بشأن طبيعة القوانين الداخلية وعلاقتها بحماية حقوق الإنسان . وإستنادا إلى كل ذلك الحقنا بالبحث عددا من الوثائق الرسمية للأجهزة الحكومية العراقية لكي

نثبت حقيقة خرق الإلتزامات الدولية . وهذه الوثائق قد نفذت مضامينها قسرا والتي تناقض جميع الوثائق الدولية والقواعد الأساسية في القانون الدولي العام حول حماية حقوق الإنسان .

# The summery of the Research


## The formation of the International Law And its relation with the interior law of the state

In this research we dealt with the subject of relation between the general int. law and the interior law, and to specify the correlation between the two laws. In the introduction of the research we confirmed on the necessity of knowledge of essence of the Int. law and its origins source for this purpose we divided this research into 4 section:

The first section: the meaning of int. law.

The second section: the origins of the Int.law.

The third section: The emergence of the int. law.

The fourth section: Some aspects of correlation between general int. law and state interior law.

In the 1st section we have clarified the concept of the int. law. According to the different trends , then we came to a conclusion that its better to use int.law as a term instead of people or nation law since the other take part in the forming the int. law.

In the 2nd section, we divided the Int.law origins into main origins and auxiliary origins.

The main origins consists of customs general law principles and treaties we dealt with customs at the first becomes its existence priority treaty. While we clarified auxiliary origins pursuits to the paragraph (38) of the charter of the Int. court of justice.

In the 3rd section , we talked about the emergence and formation of the Int.law from the 15th and 16th century also we have discussed the factors that helped in forming and developing the Int.law . those factors are in the scientific renaissance , the formation of National state, the emergence of geographical and marine sciences , the decreasing the ottoman courts authority towards the Europeans , West Falia conference, the American revolution 1775-1785 and French revolution 1789-1795 , and then we reffered to the effects of the Int.events and establishing the Nation League and United Nation Organization.

**In last section , we discussed the theory of two laws, duality and the theory of law Unity concerning the relationship between the general Int. law and state interior law, and through the analysis the these two theories we confirmed that they are not considered as one law and can't be separated totally.**
**But there is a clear relation between them.**
**The Int.events confirmed the superiority of general Int.law on the interior law. Then we mentioned the states obligation , it's the international law rules, and in case of violating these obligations there will be an Int. responsibility of the Iraqi government as a result of it. Violating to the Int.law rule about the harsh treatment of the Kurdish people, and on the basis of Int. documents we conclude the kind of the Iraqi violation for its Int. obligations.**
**In conclusion , we confirmed that the Int.law play, a prominent role in the state relation with the important issues of the human societies. And the research clarified the origins ay Int.law and it's relation with the emergence and development of Int.law then the sovergeinty of int.law had specified the state obligation regarding the nature of the interior law and its relation with the protection of human rights. And on the basis of all this we attached the research as number of formal documents for the Institution of Iraq Government.**
**In order to appear the reality of violations of the Int. obligations. These documents has its implications that contradict with the collection of documents and the major rules of the Int. law concerning human rights.**

# پاشبەند

**سەرنج :** بەڵگەنامەکانم لە ئەرشیفی گۆڤاری کەرکوکەوە دەست کەوتووە .

گۆڤاری کەرکوک ، گۆڤارێکی ڕووناکبیری گشتی وەرزییە کۆمیتەی باڵای ئاوەرەکان و کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک هاوبەشی دەری دەکەن .

**بەڵگە نامەی ژمارە ١**

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية وشخصي

محافظة التأميم

الشعبة / المراسلات السرية

العدد / س١/ ٨٢٣١٤٣١

التاريخ / ١٣-٧-١٩٩٨

الى / قيادة فرع التاميم

الموضوع / إرسال عوائل المرحلين

كتاب ديوان المحافظة السري للغاية والشخصي وذلك نصا لكتاب ديوان الرئاسة المرقم (٣١٤٣٨) في ٣/ تموز / ١٩٩٨ . نرسل اليكم العوائل المرحلين المدرجة اسمائهم ادناه لشمولهم بالترحيل في الاونة الاخيرة .

نرجو اتخاذ إجراء اللازم .

الرائد

عبدالرزاق اسعد الطيار

ضابط شعبة المراسلات السرية

لمحافظة التاميم

١٩٩٨/٧/١٣

| ت | عنوان سكن | العوائل | اسم المختار والمسؤول الحزبي | الرفاق |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شورجة | ٣١٢ | عبدالوهاب حمد | صائب جواد التكريتي |
| ٢ | حي العسكري / ٢ | ٤٥ | جبار مختار | رمضان زيدان |
| ٣ | طريق بغداد | ١٢ | علي عباس | علي عبدالله دحام |
| ٤ | الحرية | ٢١ | عبدالله محمود رشاد | كاظم جواد |
| ٥ | اسكان | ٥٣ | علي عبدالكريم البياتي | طه نافع |
| ٦ | حي الواسطي | ٢٥ | طلب مصطفى | عزالدين محمود أبو سيف |
| ٧ | حي (١) حزيران | ١٦ | صباح رشاد كمال | علي عباس / أبو وسام |
| ٨ | مصلى | ١٣ | علي عبدالكريم | صالح سلطان |
| ٩ | امام قاسم | ٢٤ | علي عبدالكريم البياتي | طه نافع |
| ١٠ | حي العسكري / ١ | ١٢ | عزالدين اسماعيل | محمد عبدالجواد |
| ١١ | حي الخضراء | ١٢ | ياور عباس الله ويردي | اكرم داود |
| | | | ٥٤٥ مجموع العوائل | |

نسخة منه الى :- محافظة التاميم / الشؤون الداخلية . محافظة التاميم / شعبة م س .

قيادة فرع التاميم / ش . م . ضابط الامن / م .

| اسم المنطقة | اسم رئيس العائلة | رقم الدار | الملاحظات |
|---|---|---|---|
| حي الواسطي | عماد فتاح معروف | ٤/٢١/٣ | |
| حي الواسطي | محسن جواد ابو رحيم | ١/١/٧١٢٤ | |
| حي الواسطي | معروف شريف عبدالرحمن | ٤/٢/١٢١٢٥ | |
| حي الواسطي | عادل عمر احمد | ١٤/٧/١٢١٢٦ | |
| حي الواسطي | عمر حسيب عثمان | ٢٠/٧/١٢١٢٧ | |
| حي الواسطي | نظام سبيحة صابر | ٧٧/١٦١٢٨ | |
| حي بكر | عبيد سليمان عمر ١٢٩ | | |
| حي بكر | عبدالله جلال عبدالرضا | | |
| حي بكر | ايوب رسول عبدالله | ١١/٦٠١٣١ | |
| حي بكر | حيدر أسماعيل مصطفى | ٦٧/١٥١٣٢ | |
| حي بكر | عدنان طه ابو سلام | ٤٧/٦١٣٣ | |
| حي بكر | اركان حمه امين احمد | ٤١٦/٧١٣٤ | |
| حي بكر | نعمان حسين درويش | ١٧١/٧١٣٥ | |
| حي بكر | صادق مبارك حسين | ١٠٠/١٢١٣٦ | |
| حي الاندلس | محسن رحمان بدر خان | ١١/١٩١٣٧ | |
| حي الاندلس | احمد حمه امين احمد | ١٠٨١٣٨ | |
| حي الاندلس | كاوه نجم الدين كاوس | ٤٤١٣١٣٩ | |
| حي الاندلس | رحيم محمود مرسي | ٣٣٣١١٤٠ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| حي الاندلس | علي جبار سعيد | ١١٦١٤١ | |
| حي الاندلس | شمال جوامير معروف | ٧١٤٢ | |
| حي الاندلس | برهان محمد عمر | ١٤٣ | |
| حي الاسره | حويز اسماعيل عمر | ١٤٤ | |
| حي الاسره | محمد اسماعيل عمر | ١٥٠١٤٥ | |
| حي الاسره | ئاري احمد عصام | ١٤٦ | |
| حي الاسره | بخشان عمر طارق | ١٢٠/١٠٩١٤٧ | |
| حي الاسره | عبدالله رحمن مصطفى | ٧٥/١٣١٤٨ | |
| حي الاسره | رشيد فرحان محسن | ١٠٢/١٢٥١٤٩ | |
| حي الاسره | يوسف احمد وليد | ١٥٠ | |
| حي شورجه | حيدر عثمان احمد | ١٠١/١٢١١٥١ | |
| حي شورجه | فاتح محمود صابر | ١١١/١١٢١٥٢ | |
| حي شورجه | عمر محمد خضر | ٥/١٧/١٩١٥٣ | |
| حي شورجه | ارسلان نجم الدين عمر | ١٤/٢٠/٧١٥٤ | |
| حي شورجه | حسيب درويش مجيد | ٧٥/١١/١٧١٥٥ | |
| حي شورجه | عارف مصطفى رسول | ٢٤/١٢/١١ | |
| حي شورجه | صابر نجم الدين خورشيد | ٢٠/١٩/١٣١٥٧ | |
| حي شهداء | جاسم محمد علي | ١٤٨١٥٨ | |
| حي شهداء | حكيم رشيد معروف | ١٦٠١٥٩ | |
| حي شهداء | علي خالد احمد | ١٦٠ | |
| حي شهداء | حسن جبار علي | ١١/٢١٦١ | |
| حي شهداء | محمد حمه صالح | ١٦٢ | |
| حي شهداء | كاوه كاكل فتاح | ١٢٢١٦٣ | |
| حي امام قاسم | احمد رضا اومر | ٢١٥٤٩ | |
| حي امام قاسم | علي احمد عباس | ٣٣٤١٩٥١٦٥ | |
| حي امام قاسم | عادل درويش خليل | ١١٦١١١٤١٦٦ | |
| حي امام قاسم | نوزاد ايوب جوامير | ٤٢٦٨٢٥١٦٧ | |
| حي امام قاسم | حمود احمد عارف | ٦٩٧١١٤١٦٨ | |
| حي امام قاسم | جاسم خضر محمد | ٧٧٢١١٥١٦٩ | |
| حي امام قاسم | عبدالرحمن حسيب خورشيد | ٩٩٩٤٠٣١٧٠ | |
| حي امام قاسم | محمد عبدالرحيم محمد | ١٧١ | |
| حي امام قاسم | عادل قادر احمد | ١٧٢ | |
| حي امام قاسم | جوهر صالح عبدالرحمن | ١٧٣ | |
| حي امام قاسم | جليل خالد عادل | ١٧٤ | |
| حي الاندلس | ادريس احمد مردان | ١٧٧٢ | |
| حي الاندلس | حسين حسن قادر | ٤٧٢١١٧٧ | |
| حي الاندلس | جبار ناصح خالد | ١٧٨٨١١٧ | |
| حي الاندلس | خورشيد محمد شريف | ٥٤٩١١٧٩ | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| حي الاندلس | سلمان امين محمود | ٦٥٠٠١٨٠ | |
| حي الاندلس | محمد رسول احسان | ٩١٥١١٨١ | |
| حي الوسطي | ابراهيم محمد صالح | ١١/٧١٨٣ | |
| حي الوسطي | فاضل محمد صالح | ١٩/١٠١٨٤ | |
| حي الوسطي | رسول على احمد | ٦٦/٢٠ | المرحل العائد |
| حي الوسطي | نوزاد مصطفى امين | ٢١/٧٧١٨٦ | |
| حي الحرية | سردار رحيم صابر | ١٠/٢٢ | المرحلة العائد |
| حي الحرية | ايوب محمود ايوب | ٤٠/١١١٨٨ | |
| حي الحرية | محمد لطيف مجيد | ٥/١١١٨٩ | |
| حي الحرية | حميد عبيد | ٨١/١٦١٩٠ | |
| حي الحرية | نورى خضر محمود | ٢/١٤١٩١ | |
| حي الحرية | نورى مصطفى برهان | ٣٦٤١٩٢ | |
| حي الحرية | سلمان محمود عبدالله | | |
| حي الحرية | قابيل عمر محمود | ٩١٨٢١٩٤ | |
| حي الحرية | محمود احمد | ١١٢١١٩٦ | |
| حي الحرية | ئازاد بايز عبدالله | ٧٣/١٦١٩٧ | |
| حي الحرية | مجيد مسلم حسين | ٤٢/١١٧١٩٨ | |
| حي الحرية | برهان جلال اميد | ٤٤/٤١١٩٩ | |
| حي بدر – دورسكك | دارا مامند | ٥٨١٢٠٠ | |
| حي بدر – دورسكك | جعفر جبار على | ٢٢٠١١ | |

بەڵگە نامەی ژمارە ٢

بسم الله الرحمن الرحيم

حزب البعث العربي الإشتراكي
أمة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

سري للغاية وشخصي

قيادة فرع التأميم
العدد / ٨٤١/٣١٧/٤
التأريخ / ١٩٩٨/١١/١٦

إلى / محافظة التأميم

م / إرسال عوائل المرحلين

كتاب ( ع – س ) السري للغاية وشخصي ( ٤٣١ ) في ت ٢-١٩٩٨ وذلك نصا للكتاب الصادر من ديوان الرئاسة الرقم ٤١١/٣ في ت ٢ - ١٩٩٨ نرسل إليكم العوائل المدرجة أسمائهم أدناه الذين ازاء كل منهم لشمولهم بالترحيل في الآونة الأخيرة .

نرجو إتخاذ ما يلزم .

قيادة فرع محافظة التأميم
شعبة / م . س
١٩٩٨/١١/١٦

الأسماء

١. محمد حمه كريم علي .
٢. جلال نوري أحمد .
٣. بها الدين صالح رسول .
٤. مجيد عبدالله جمعة .
٥. قادر أحمد علي .
٦. كاكه خان والي ولي .
٧. نوري أحمد إبراهيم .
٨. شيرزاد عاصي عثمان .
٩. سعاد صديق إسماعيل .
١٠. محمود كانبي كمال .
١١. صباح صالح أمين .
١٢. عمر كاكه أمين صابر .

نسخة منه إلى :

* محافظة التأميم ( ش – د ) .
* المحافظة /

**بەڵگە نامەی ژمارە ٣**

بسم الله الرحمن الرحيم

حزب البعث العربي الإشتراكي
أمة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

قيادة فرع التأميم
العدد / ١٢٠٣/٦٨٧/٩٢

( سري للغاية )

إلى / محافظة التأميم

م / إرسال عوائل المرحلين

كتاب ( ع – س ) السري للغاية والشخصي ( ٦٥٣) في أب (١٩٩٩ ) وذلك نصا للكتاب الصادر في ديوان الرئاسة المرقم ٥٣٤/١١٣ في أب / ١٩٩٩ نرسل إليكم العوائل المدرجة أسمائهم أدناه الذين شملتهم قرار الترحيل في الآونة الأخيرة .

نرجو إتخاذ ما يلزم .

قيادة فرع التأميم
شعبة / م / س
التأريخ /٩/١٩٩٩

نسخة منه إلى :

* محافظة التأميم ( ش – د ) .
* قيادة فرع التأميم ( ش . م ) .
* ضابط الأمن / م .

قائمة بأسماء المرحلين :

| ت | إسم المنطقة | إسم رئيس العائلة | عدد الأفراد | رقم الدار |
|---|---|---|---|---|
| ١. | حي الأندلس | أحمد كمرخان علي | ٩ | ٢٤٠١١ |
| ٢. | حي الأندلس | ليلى جلال صالح | ٧ | ٥١٤/١٨٩ |
| ٣. | حي الأندلس | حسيب محمد أمين | ١٠ | ٣٧٦١٥ |
| ٤. | حي الأندلس | نامق حمزة ولي | ٦ | ٤٠٠/٥٠٣ |
| ٥. | حي الأندلس | إسماعيل أحمد كمرخان | ٥ | ٨٥٨٤٠ |
| ٦. | حي الأندلس | علي صالح علي | ٤ | ٢٣/٤١٤٢ |
| ٧. | امام قاسم | رمضان رسول علي | ١١ | ٣٨٦٩٤ |
| ٨. | امام قاسم | عثمان رسول علي | ٩ | ٧٥٤/٦٥٣ |
| ٩. | امام قاسم | عدنان رمضان رسول | ٢ | ٢٦٢/١٠١ |
| ١٠. | امام قاسم | شادية عمر قادر | ١ | ٣٤٦٨ |
| ١١. | الشورجة | جبار رمضان علي | ٨ | ٥١٤ |
| ١٢. | الشورجة | عائشة محمد صالح | ٢ | ٩٧ |
| ١٣. | الشورجة | قدرية خضر محمد | ١ | ٣٥٦ |
| ١٤. | الإسكان | جيران فرج علي | ٣ | ٨٠٤ |
| ١٥. | الإسكان | صدرالدين موسى | ٦ | ٥٧٩ |
| ١٦. | حي الخضراء | أحمد كريم عزيز | ٣ | ١٨٤٥ |
| ١٧. | طريق بغداد | فيص محمد أمين | ٧ | ١٩٠/١٤١ |
| ١٨. | طريق بغداد | فتح الله معروف | ٤ | ٧٥١/٨٤ |
| ١٩. | طريق بغداد | بهاءالدين محمد أمين | ٩ | ١٦٤/٢٣ |
| ٢٠. | طريق بغداد | إبراهيم مصطفى قادر | ٥ | ١٩٣/٥٠ |
| ٢١. | حي الضباط | كامران عبدالله رشيد | ٢ | ١٨٢/٤٠٤ |
| ٢٢. | حي الضباط | حمه أمين جميل عارف | ٤ | ٩٥/١١٠/٩٤ |
| ٢٣. | حي الضباط | نياز مجيد حسن | ٣ | ٨٠٩٠ |
| ٢٤. | حي المعلمين | صابر أحمد حسين | ٨ | ٧٨/٤٥١ |
| ٢٥. | حي المعلمين | رشاد محمود خدر | ٦ | ١٤٠/٦٥ |

بەڵگە نامەی ژمارە ٤ ، ٥

کتێبخانەی زانکۆ

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
قائمقامية قضاء خانقين

العدد / س/٣/٤٢
التأريخ / ١٩٩٩/١/١٧

سري للغاية

إلى / قيادة شعبة خانقين

الموضوع / إجتماع اللجنة الأمنية

بتأريخ ( ١٩٩٩/١/١٦ ) إجتمعت اللجنة الأمنية في القضاء برئاسة الرفيق القائمقام وبحضور ممثل مديرية أمن خانقين وممثل مديرية شرطة خانقين وممثل دائرة مخابرات خانقين وممثل قيادة شعبة خانقين للحزب القائد .

وتم مناقشة جدول إعمالها التالي :

١. مناقشة موضوع ترحيل العوائل الكرية من خانقين .
٢. مناقشة موضوع الهاربين والمتخلفين من الخدمة العسكرية .
٣. تشكيل لجنة برئاستنا وعضوية مدير بلديات ديالى وذلك لتوزيع دور المرحلين البالغ عددها (٣٥) دار .
٤. مناقشة تقليص الموظفين من القومية الكردية فقط في دوائر خانقين .

راجين التفضل بالاطلاع وتزويدنا بأسماء العوائل المشمولة في فقرة (١) أعلاه وبيان رأيكم بما جاء في فقرة (٤) أعلاه ........ مع التقدير .

العميد
عامر محمد صالح الجعفري
قائمقام قضاء خانقين
رئيس اللجنة الأمنية
١٩٩٩/١/١٧

بسم الله الرحمن الرحيم

محافظة التأميم العدد / ١/٨٤٣

مديرية الشؤون الداخلية / السري التأريخ / ١٩٩٩/٢/١٣

إلى / مديرية شرطة محافظة التأميم

الموضوع / ترحيل

كتاب رئاسة ديوان الجمهورية ( الجهات المعادي ) ٥٨٧ في ١٩٩٩/١/٢٧ . قرر محافظ التأميم بحجز المواطن ( بكر جوامير درويش ) لمدة ثلاثون يوما ومن ثم ترحيله إلى المحافظات الشمالية .

للعلم رجاء .

العقيد

عبدالرزاق أسعد الطيار

نسخة منه إلى /

رئاسة ديوان الجمهورية / للعلم رجاء . شعبة المعلومات / للتأشير .

شعبة الأضابير / للحفظ . ذاتية المحافظة / للتأشير في سجلاتكم .

**بەڵگە نامەی ژمارە ٦**

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
قائمقامية قضاء خانقين

العدد / ٢٥ / ٣٦٣
التأريخ / ٢٤/ آذار/١٩٩٩

﴿ سري للغاية ﴾

إلى / قيادة شعبة خانقين

الموضوع / بيان رأي

تنفيذا لأمر السيد نائب رئيس الجمهورية ( طه ياسين رمضان ) أثناء زرياته إلى خانقين في تموز / ١٩٩٨ ولقائه بإعضاء اللجنة الأمنية في القضاء والذي أكد سيادته على ضرورة تقليل نسبة الأكراد في خانقين إلى ( ٢٠٪ ) عليه ناقشت اللجنة الأمنية بإعضائها المنعقدة بتأريخ (١٩٩٩/٣/٢٤) موضوع نقل المعلمين والمدرسين من الذكور والإناث من القومية الكردية فقط خارج قضاء خانقين .
للتفضل بالإطلاع وبيان رأيكم بصدد الموضوع وإعلامنا .
ليتسنى لنا مفاتحة الجهات ذات العلاقة ......... مع التقدير .

العميد
عامر محمد صالح
قائمقام قضاء خانقين
رئيس اللجنة الأمنية
١٩٩٩/٣/٢٤

**بەڵگە نامەی ژمارە ٧**

بتأريخ ( ١٠ و ١٩٩٩/٤/١١ ) قامت شرطة خانقين بأخذ تعهد خطي من العوائل الساكنين في المناطق الكردية ( قرية كهريز السفلى والعليا + حي جلوة + الحميدية + عبدالله بيك + الاركوازي ) مشمولة بالهدم لغرض اخلاء الدار لمدة ( اسبوعان ) إعتبارا من تأريخ تبليغه ، علما بأن مجموعة العوائل الكردية في تلك الأحياء ( ٤٠٠٠ ) أربعة الآف عائلة كردية .

نسخة من تعهد خطي للعوائل الكردية :-

**تعهد خطي**

إني الموقع أدناه (                    ) أتعهد باخلاء داري الواقعة في حي (          )
لمدة خمسة عشرة يوما إعتبارا من تأريخ تبليغي وبعكسه أتحمل كافة العقوبات القانونية ولاجله وقعت بتأريخ (   /١٩٩٩/٤ ) .

**توقيع صاحب الدار**          **مختار منطقة**          **القائم بالتبليغ**

**نسخة منه إلى :-**

★ السيد قائمقام خانقين للعلم ....... مع التقدير .

★ مديرية بلدية خانقين ....... لإجراء اللازم بعد إنتهاء المدة .